Salahaddin University – Erbil

زانکۆی سەڵاحەددین - هەولێر

# بەیەکەوە هاتنی سەربارەکان لە ڕستە سادە فراوانکراوەکاندا

**پرۆژەی دەرچوونە**

پێشکەش بە بەشی ( کۆلێژی زمان/ بەشی کوردی ) کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی
بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی ( زمانی کوردی )دا

ئامادەکراوە لەلایەن :

**( ڕێناس ڕزگار طاهر )**

بە سەرپەرشتی :

**( تریفە موحسین ئەحمەد )**

**نیسان - 2023**

بِسمِ اَللهِ اَلرَحمَنِ اَلرَحِيم
[قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الأَلْبَابِ]
صَدَقَ اَللهُ اَلعَضِيم
سورةتي الزمر ئايةتي[9]

**پێشکەشە بە :**

* هەموو ئەو کەس و ئازیزانەی کە خەمخۆرم بوون لە هەموو کات و سات و بارودۆخێکدا بۆ فراوان کردن و دەوڵەمەندکردنی زانیاریەکانم و بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ئەم توێژینەوەم.

* پێشکەشە بە هەموو مامۆستایانم و هاوڕێیانم لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین/ بەتایبەتی بەشی زمانی کوردی.

* بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هەموو هەوڵیان خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی بووە.

## سوپاس و پێزانین :

* سەرەتا سوپاسی خوای گەورە دەکەم کە گەیشتم بە کۆتایی توێژینەوەکەم.

* سوپاس بۆ دایک و باوکی خۆشەویستم کە پاڵپشتم بوونە بۆ تەواوکردنی ئەم باسی دەرچونەم.

* سوپاسی بێ پایانم بۆ مامۆستا و سەرپەرشتیارم ....... ( تریفە موحسین ئەحمەد ) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەم توێژینەوەی گرتە ئەستۆ.

* لە کۆتاییدا سوپاس بۆ هاوڕێکانم و هەر کەسێک کە بە وشەیەکیش بێ یارمەتیان داوم.

# لیستی ناوەڕۆك :


بابەت لاپەڕە
پێشەكی.........................................................................................................١
بەشی یەكەم - تەوەرەی یەكەم.............................................................................٢
چەمك و پێناسەی ڕستە.......................................................................................٢
تەوەرەی دووەم...................................................................................................٣
جۆرەكانی ڕستە..................................................................................................٣
ڕستەی سادە......................................................................................................٤
ڕستەی لێكدراو...................................................................................................٩
ڕستەی ئاڵۆز.....................................................................................................١٠
تەوەرەی سێیەم..................................................................................................١١
كەرستەكانی ڕستە...............................................................................................١١
كەرستە سەرەكیەكان...........................................................................................١١
كەرستە لاوەكیەكان.............................................................................................١٢
ڕیزبوونی كەرستەكانی ڕستە..................................................................................١٤
بەشی دووەم - تەوەرەی یەكەم...............................................................................١٥
سەربار...............................................................................................................١٥
تەوەرەی دووەم....................................................................................................١٩
تایبەتیەكانی سەربار.............................................................................................١٩
تەوەرەی سێیەم....................................................................................................٢١
ڕیزبوونی سەربارەكان...........................................................................................٢١
ئەنجام................................................................................................................٢٣
لیستی ناوەڕۆک....................................................................................................٢٤

## پێشەکی :

ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ( بەیەکەوە هاتنی سەربارەکان لە ڕستە سادە فراوانەکاندا )، دەکرێت لە ڕێی توێژینەوەی لەم جۆرە بابەتە ڕێزمانیەکان بەتایبەتیش دروستەی ڕستە دیاری بکرێت، شێوەی ڕێزمانی کەرستەکانیش ڕوونبکرێتەوە هەروەها خستنەڕووی کەرستە سەربارەکان و جیاوازی لە شێوازی بەکارهێنان لە زمانی کوردیدا بۆ دارشتنی ڕستەیەکی ڕێزمانی کە مانا ببەخشێت و دروست بێت. لەم توێژینەوە هەوڵماندا تاوتوێ ئەوە بکەین کە زمانی کوردی چۆن ڕستەکانی ڕێک دەخات و هەروەها ئاشنابین بە چەمکی ڕستەسازی و و زاراوە تەکنیکیانەش کە لەم بەشەی ڕێزماندا بەکاردێن، وەک :"ڕستە، بکەر، بەرکار، گرێ، تەواوکەر، ئاوەڵگوزرە....و"، یەکێکیتر لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە مەیل و خۆشەویستیی توێژە بۆ بابەتی دیاریکراو، کە ئەمەش وادەکات توێژەر بەو پەڕی توانا و بێ گوێدانە هەوڵ و ماندوبوون لەسەر بابەتەکە بدوێ کە لە حەزو خولیاوە سەرچاوەی گرتووە. هۆکارێکیتر ئەوەیە کە سود بۆ کاروباری زانستی دیاری دەکات، بەجۆرێک کە بتوانرێت ئەو راستیە زانستیانە یان ڕێسایانە بدۆزێتەوە، یاخوود سود بۆ ڕاستیەکی زانستی زیاد بکرێت. هەروەها گەنجینەی فراوان لە نمونەکانی ڕستەی کوردیدا بەدیدەکرێت، خستنەڕووی لایەنە هاوبەش و جیاجیاکانی شێوەو فۆڕمی ڕیزکردنی کەرستەی ڕستە بەگشتی و دیاریکردنی ڕۆڵی کەرستە سەربارەکان بەتایبەتی لە دروستەی ڕستەی زمانی کوردیدا.

# بەشی یەکەم

## تەوەرەی یەکەم

## چەمک و پێناسەی رستە:

**پێناسەی ڕستە**

محمد ئەمین هەورامی سەبارەت بە ڕستە دەڵێ : ( ئەو ئاخافتنیەیە کە کاری تێدایە واتای تەواو دەبەخشێت ).(خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا،٢٠١٤،ل١١).
کەواتە کار بنەمای سەرەکی ڕستەیە.

جۆمسکی سەبارەت بە ڕستە دەڵێ : ( ڕستە بریتیە لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری ).(خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا،٢٠١٤،ل١١).
کەواتە گرنگترین بەشی ڕستە ناو و کارە.

ئەورەحمانی حاجی مارف سەبارەت بە ڕستە دەڵێ : ( ڕستە بریتیە لە کردار و پێویستیەکانی ).
کەواتە ڕستە دەبێت پێک بێت لە ئامراز و کار و بکەر، ڕستە بریتیە لە بکەرو کار بەڵام هەمووکاتێک ئەم پێناسەیە پەسەند نیە تەنیا لەسەر یەک جۆری ڕستەی زمانی کوردی پیادە دەکرێت ئەویش ئەگەر هات و کاری ڕستە کارێی تێنەپەڕ بێت.
وەکو :

— کاڵێ هات.

— فەرهاد مرد.

— پەروەر ڕۆیشت.

## تەوەرەی دووەم

## جۆرەکانی ڕستە لەڕووی پێکهاتنەوە

١-ڕستەی سادە

٢-ڕستەی لێکدراو

٣-ڕستەی ئالۆز

١- ڕستەی سادە :
ئەو ڕستانەن کە تەنیا یەک کرداریان تێدایە وە هەر ڕستەیەک زیاتر لە یەک کرداری تێدابێت ئەوا سادە نامێنێت، کەواتە ڕستەی سادە بە پێی ژمارەی کردارەکان دیاری دەکرێت، هەروەها ڕستەی سادە لەتاکە پێرستەیەکی مانا بەخش پێک دێت، بکەر و بەرواتای تێدایە. (میراودەلی، کەمال، ٢٠١٧، لا ٢).

نموونە :

- من کوردم.
- لیان حەزی لە ترێیە.
- خوشکی من ١٠ سالە.
- ئەمڕۆ کارەکەت باش ئەنجامدا.

ڕستەی سادە، بەو ڕستانە دەوترێت کە لەیەک ڕستە پێکدێت کە تەنیا کارێکیان تێدایە یان بەو ڕستانە دەوترێت کە لەڕەگی کار و پێویستیەکانی پێکدێت.(خۆشناو، نەریمان عەبدوللا،٢٠١٢،لا٤٧).

## ١- ڕستەی سادە :

ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە تەنیا یەک کاریان تێدایە بە گوێرەی کەرستە سەرەکی و ناسەرەکیەکان دوو جۆری هەیە ڕستەی سادە لێک جیادەکرێتەوە دەکرێتە رستە و رستەی سادەی فراوانکراو،
کەواتە ڕستەی سادە دەکرێت زیاتر لە ناوێک یان جێناوێک یان هاوەلناو یاخود هاوەڵکارێک هەبێت بەڵام ناکرێت زیاتر لە کارێک هەبێت بۆیە ڕەگی کار بە کۆڵەکەی سەرەکی ڕستە دادەنرێت. (عەبدوڵلا، ساجیدە،٢٠١٩،ل٣٩).

**ڕستەی سادەش سێ جۆرە :**

**أ- سادەترین ڕستە :**

بەو ڕستانە دەوترێت کە لە یەک وشە پێک دێت.
وەک:
— ڕۆیشت

— کەوت

— مرد

ڕستەی سادە ئەو ڕستەیە کە لە سادەترین ڕۆنانیدا لە گرێیەکی ناوی و گرێیەکی کاری پێکدێت، کە هەر گرێیەکیش لەم گرێیانە ڕۆلێکی سەرەکی لە ڕستەدا دەگێرێت، بە واتایەکی تر ڕستەی سادەی ناوک ئەو ڕستانە دەگرێتەوە کە تەنیا لە کەرستە سەرەکیەکان پێکدێت و بونیان بە خورتیە، بەڵام دەرکەوتنیان بە ئارەزووە. چونکە بکەر (گرێی ناوی) هەندێ جار بەشێوەیەکی ئاشکرا بە دیار ناکەوێت بەڵکو لە شێوەی راناوێکی لکاودا بە ڕەگی کارەوە دەلکێ زۆر جار لە ژمارەدا لەگەڵ بکەردا ڕێک دەکەوێ. (فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵلا، ٢٠١٣، ل ٣٩-٤٠).

وەک ئەو نموونانەی خوارەوە :

| | |
|---|---|
| — منداڵەکە کەوت ، | کەوت |
| — پیاوەکە مارەکەی کوشت ، | مارەکەی کوشت<br>کوشت |
| — من خانوویەکم فرۆشت ، | خانوویەکم فرۆشت<br>فرۆشتم |

**ب- ڕستەی سادەی ئاسایی :**

بەو ڕستانە دەگوترێ کە تەنیا کارێکیان تێدایە، لەهەمان کاتیشدا ئەم ڕستانە تەنیا کەرستە سەرەکیەکانی دەگرێتەخۆ، ئەم کەرستە سەرەکیەکانەش لە هەرسێ حاڵەتی (کاری تێپەڕ، کاری تێنەپەڕ، کاری ناتەواو) بەکاردێت. (خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا، ٢٠١٤، ل٤٧-٤٨).

کاری تێپەڕ بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + کاری تێپەڕ

— شیڤان ئۆتۆمبێلەکەی کڕی.
بکەر ب.ڕاستەوخۆ کاری تێپەڕ
— ڕێناس وانەکەی خوێند.
بکەر ب.ڕاستەوخۆ کاری تێپەڕ

کاری تێنەپەڕ بکەر + کاری تێنەپەڕ

— بەڵێن هات
بکەر کاری تێنەپەڕ

— نازەنین مرد
بکەر کاری تێنەپەڕ

— گۆران نوستووە
بکەر کاری تێنەپەڕ

کاری ناتەواو نیهاد + گوزارە

— هاوناز زیرەکە
نیهاد گوزارە کاری ناتەواو

— چرا جوانە
نیهاد گوزارە کاری ناتەواو

**ج- ڕستەی سادەی فراوانکراو :**

بەو ڕستانە دەگوترێت کە جگە لە کەرستە سەرەکیەکان، کەرستە لاوەکییەکان بەشداری لە فراوانکردنی ڕستەکەدا دەکەن، (خۆشناو، نەریمان عەبدوللا، ٢٠١٤، لا ٤٨). وەک :

— دوێنێ ئێوارە شێروان نانی بە کەوچک خوارد.

— ئیمان لە ڕێگەی ئۆتۆمبێلەکەوە هات.

— زریان بەهۆی ئامادەنەبوونی یەکیک یاریزانەکانیان یاریەکەیان دۆڕاند.

مەبەست لە فراوانکردنی ڕستەی سادە خودی کارەکە نیە، چونکە هەموو ڕستەیەکی سادە تەنیا یەک کاری تێدایە، بەڵکو مەبەست لە فراوانکردنی (ڕستەی سادەی ناوک)ە کە بە هۆی چەند کەرستەیەکی ناسەرەکی فراوان دەکرێن، ئەمەش بە چەند ڕێگایەک دەکرێن، ئەمەش بە چەند ڕێگایەک دەبێت لەوانە :

**١- فراوانکردنی گرێی ناوی (بکەر، یان بەرکار)**

— کچەکە هات. (ڕستەی سادەی ناوک)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| — <u>کچە</u> | <u>جوانە</u> | <u>زیرەکە</u> | <u>باڵا</u> | <u>بەرزەکە</u> | هات. | (فراوانکراو) |
| بکەر | هاوەڵناوی چۆنیەتی | هاوەڵناوی چۆنیەتی | سەرە | دیارخەر | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| — ئەوان | <u>دوو</u> | <u>کتێبی</u> | <u>باش</u> | <u>و</u> | <u>بەسودیان</u> | کڕی. | (فراوانکراو) |
| | ئاوەڵناوی چەندی | | ئاوەڵناوی چۆنیەتی | ئامراز | هاوەڵناوی چۆنیەتی | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| — <u>هەندێ</u> | <u>گەنجی</u> | <u>زۆر</u> | <u>چالاک</u> | <u>و</u> | <u>ژیر</u> | ئەم کارەیان ئەنجامدا. | (فراوانکراو) |
| ئاوەڵناوی نادیار | ناو سەرە | ئاوەڵناوی چەندی | ئاوەڵناوی چۆنیەتی | ئامراز | ئاوەڵناوی چۆنیەتی | | |

**٢- بەهۆی بەرکاری ناراستەوخۆوە فراوان دەکرێ :**

— من نامە <u>بۆ زانای برام و نارینی خوشکم</u> دەنێرم.

— ئەم کتێبەم <u>بۆ گەورەو بچوک</u> نوسیووە.

**٣- بەهۆی ئاوەڵگوزارەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە :**

— <u>دوێنێ شەو</u> <u>لە هەرێمی کوردستان</u> <u>لە شاری هەولێر</u> بەفرو بارانێکی زۆر باری.

**٤- بەهۆی هەندێ وشەی (بانگکردن، سەرسورمان، جێناوی خۆی کە بۆ پێداگرتن، جەختکردن....) بەکاردێت.(خۆشناو، نەریمان عەبدوللا، ٢٠١٤، ل٤٠-٤١).**

وەک ئەمن نموونانەی خوارەوە :

— هۆ هۆ کوڕی چاک وەرە.

— پەککو لەو هەواڵە ناخۆشە!

— ژنەکە خۆی کوشت.

ڕستەی سادەی فراوانکراو ئەو ڕستانەن، کە لەکاری تێنەپەڕدا پتر لە دوو وشەو لەکاری تێپەڕدا پتر لە سێ وشەن. واتە جگە لە وشەکانی کار و بکەر و بەرکار، وشە سەربارەکانیش بەکاردێن.

وەک:

أ- لە تێنەپەڕدا :

— سادەترین ڕستە : وەرگەڕاØ

— ڕستەی سادەی ئاسایی : سیروان وەرگەڕاØ

— ڕستەی سادەی فراوانکراو : سیروانی کوڕی فەرهادی دراوسێی خۆمان دوێنێ ئێوارەیەکی درەنگ بە ئۆتۆمبێلە سپیەکەی لە پێچەکانی ڕێگەی پیرمام وەرگەڕاØ

ب- لە تێپەڕدا :

— سادەترین ڕستە : وەریگێڕاØ

— ڕستەی سادەی ئاسایی : سیروان ئۆتۆمبێلەکەی وەرگێڕا.

— ڕستەی سادەی فراوانکراو : سیروانی کوڕی فەرهادی دراوسێی خۆمان دوێنێ ئێوارەیەکی درەنگ ئۆتۆمبێلە سپیەکەی لە پێچەکانی ڕێگەی پیرمام وەرگێڕا.

لەم جۆرە ڕستە سادانەدا، بەزۆری هیچ وشەیەک لە ئاستی ناوەوە نامێنێتەوە و زۆربەی وشەکان لە ئاستی سەرەوەدا دەردەکەون، ئینجا وشەکان دیارخەری فرێزە ناویەکان بن، یان دەرخەرەکانی فرێزی کاری.

ڕێگاکانی فراوانکردنی ڕستەی سادەش زۆرن، لەوانە : هەندێ کەرستەی پەیوەندی کە دەتوانن، ئەندامەکانی گرووپە ناویەکان، لەناو، ئاوەڵناو، ڕاناو....هتد بەیەکەوە ببەستنەوە.
وەک:

١- بەهۆی (ی)ی مۆرفیمی پەیوەندی. وەک: شێروانی کوری زریانی، برای زیادی، مامۆستای قوتابخانەی گەڕەکی خۆمان، بە ئۆتۆمبێلێکی سوری تاریکی جۆری کوپەیی، تامپۆنێکی خراپی کرد.

٢- بەهۆی مۆرفیمی (ە)ی بەستن. وەک: کوڕە قوتابیە هەژارە زیرەکە باڵا بەرزەکە، بەیەکەم دەرچوو.

٣- بەهۆی ئامرازی (و)ی خستنەسەر. گۆران و داناو سکالاو هاژە، لە قوتابخانە و سەیران و یاریکردن و ماڵەوە هەر بەیەکەوەن.(ڕەسول، حوسێن عەبدوڵڵا, ٢٠٠٥، لا ١٨٧-١٨٨).

دەتوانین ڕستەی سادە فراوان بکەین بە هۆی کەرستە ناسەرەکیەکان سەربارەکان (دیارخەر- بەرکاری ناڕاستەوخۆ، ئاوەڵکاری کات و شوێن و چۆنیەتی....هتد.
لە ڕستەی سادەدا، دەتوانین هەردوو فرێزی ناوی و فرێزی کاری فراوان بکەین، بۆیە ڕۆنان و فراوانکردنی ڕستەی سادە و چۆنیەتی بەرهەم هێنانی لە زمانەکەدا، پێویستە بەهۆی سیستەمی یاساکانی فرێز پێکهێنان لێکبدێتەوە.
لەفرێزی ناویدا، وشەیەکی سەرەکی هەیە، کە (سەرە)ی پێ دەگوترێت و دەبێتە ناوکی فرێزە ناویەکە، لە ڕۆنانی فرێزی ناویشدا دیارخەرەکان دەتوانن بە دوو شێوە دەربکەون. (ئەمین، یوسف نوری محمد، ٢٠١٥، لا ٥٥).

## ٢- ڕستەی لێکدراو :

بەو جۆرە ڕستانە دەگوترێ کە پتر لە کارێکیان تێدایە هەر کارێک ڕستەیەکی سەربەخۆ پێک دێنێ لە ڕووی ڕۆنان و واتاوە بەڵام بەشدارێیکی هاوبەش لە نێوانیان هەیە زۆرجار لەکاتی لێکدانی دوو ڕستە کەرستەی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە.

کەواتە ڕستەی لێکدراو لە"دوو ڕستەی سادە یان زیاتر پێکدێت وە بە بۆنەی ئامرازی پێ بەستنەوە ئەدرێنە دەم یەکتر ئەگەر هاتوو ئامرازە پێ بەستنەکە لە بەینیانا هەڵگیرا، هەر ڕستەیەک بۆخۆی سەربەست ئەبێ بەندیواری لە تەک ڕستەکەیتردا نامێنێ". (عبدولرەحمان، ڤیان بەکر، ٢٠٠٧، لا ٢٤).

وەکو :

—سارا نانی خوارد و ڕۆیشت بۆ قوتابخانە.

ڕستەی لێکدراو چەند جۆرێکە :

**أ- ڕستەی لێکدراوی هاوڕێک :**

ئەمجۆرە ڕستەیە لە ڕووی ئەنجامدانەوە کارەکان هاوڕێکن و بە زۆری کاری ڕستەکان لە شێوەی ئەرێدا دەبینرێت و هەمان ئاراستە وەردەگرن، ئامرازەکانی ئەم جۆرە ڕستانە بریتین لە ( و، ش ، نەک ، هەر ، هەروەها ، هەم ، بەڵکو ، ....هتد )

وەک :

— من ڕۆیشتم و خانم هات.

**ب- ڕستەی لێکدراوی هەڵبژاردە :**

ئەم ڕستانە دەگرێتەوە کە هەڵبژاردن لەنێوان کارەکانیدا ئەنجام دەدرێت، واتە یەکێکیان ئەگەری ڕوودانی هەیە، ئامرازەکانی ئەمجۆرە ڕستەیە بریتیە لە (چ،...چ، یان......یان)

وەک :

— یان دانیشە یان برۆ.

**ج- ڕستەی لێکدراوی نەرێ :**

ئەمجۆرە ڕستە لێکدراوە لە شێوەی نەرێ دایەو هیچ کام لە ڕووداوی کارەکان جێ بەجێ ناکرێت، لە ڕێگەی ئامرازی (نە...نە)

وەک :

— نەشایی کەرم نە شاباش کەرم.

**د- ڕستەی لێکدراوی پێچەوانە :**

لەو جۆرەی ڕستەی لێکدراو ڕستەی دووەم پێچەوانەی رستەی یەکەم دەبێت، لەڕووی بیرۆکەوە ئەم ئامرازانەی کە ئەم جۆرە ڕستانە پێکدێنن بریتین لە : ( لەگەڵ ئەوەشدا ، بەڵام، بەڵکو، کەچی، ئەگەرچی، هەرچەندە، نەک،...هتد ).(دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٤، لا ٢١١-٢١٢).

وەک :

— بێریڤان زیرەکە، بەڵام ناخوێنێت.

# ٣- ڕستەی ئاڵۆز :

"جۆرە ڕستەیەکی گەورەیە، کە لە چەند ڕستەی سادەو لێکدراو پێکهاتووە، ئەمانە هەمووی بە یارمەتی ئامراز بەیەکەوە بەستراونەتەوە"
بەڵام گەورەیی قالبی ڕستە نابێتە پێوانە بۆ ناسینەوەی ڕستەی ئاڵۆز، چونکە کرتاندن و لابردن زیاتر لەم جۆرە ڕستانەدا ڕوودەدات،(عبدولرەحمان، ڤیان بەکر، ٢٠٠٧، لا ٢٧-٢٦).

**بەشەکانی ڕستەی ئاڵۆز :**

**١- شاڕستە(ڕستەی سەرەکی):**
ڕستەیەکی سەربەخۆیە و پەیوەندی ڕێزمانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا نیە. وەک :
— ئەو وێنانەی کە لە کۆلێژ گرتومانن وەک یادگاری هەڵمگرتوون.

— ژیان لەو شوێنە بەسەردەبەم، کە حەزم لێیەتی.

— ناتوانم ئەو قسە ڕەقانە لەبیرکەم، کە هاوڕێکەم کردی.

**٢- پاڕستە(ڕستەی لاوەکی):**

هەرچەندە پێویستیەکانی ڕستەی تێدایە، بەڵام بە تەنها واتا نابەخشێت و شوێنکەوتوی شاڕستەیە زانیاری زیاتر دەربارەی شاڕستە دەدات. (دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٤، لا ٢١٣).
وەک :

— قەڵات کە شوێنەوارێکی کۆنە، لە سەنتەری شاری هەولێرە.

**٣- ئامرازی گەیەنەر:**
ئەو ئامرازەیە کە لاڕستە یان ڕستەی شوێنکەوتو دەگەیەنێتە ڕستەی سەرەکی کە پەیوەندی مەرجی، مەبەستی، هۆیی، کاتی، دیارخەری،....هتد لەنێو ڕستەی سەرەکی و شوێنکەوتودا پیشان دەدات، هەروەها هۆیەکە بۆ بەندکردنی لاڕستە دەشێت لە هەندێک ڕستەدا، گەیەنەر لە ڕۆنانی سەرەوەدا دەرنەکەوێت.
وەک :

— هاوڕێکەم لەم شارە لەدایک بووە، کە بە ناوچەی دابڕاو ناونراوە.

— ئەو منداڵانەی بێسەرپەرشتن، مرۆڤ جەرگی بۆیان دەسوتێ.

لەم ڕستەیەدا ئامرازی گەیەنەر نەهاتووە و هیچ کاریگەریەکی لەسەر واتا نەکردووە، بەڵام لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بونی هەیە، (عبدولرەحمان، ڤیان بەکر، ٢٠٠٧، لا ٢٩).

*لە زمانی کوردیدا، بۆڕستەی ئاڵۆز، (ڕستەی ئاوێتەو ڕستەی تێکەڵ)یشی پێ دەوترێ.

# تەوەرەی سێیەم

## کەرستەکانی ڕستە :

**١- کەرستە سەرەکیەکان :**

ئەو کەرستانەن کە بونیان لەڕستەدا پێویستە و ناکرێت لە ڕستەدا لاببرێن، ئەگەر لە ڕۆنانی سەرەوەش دەرنەکەون، لە ڕۆنانی ژێرەوە بونیان هەیە، کەرستە سەرەکیەکان لە زمانی کوردیدا لەم سێ حاڵەتەی خوارەوە دەبینرێن:

أ- لە کاری تێپەڕدا : بکەر + بەرکاری ڕاستەوخۆ + کاری تێپەڕ، وەکو : ڕێکان وانەکەی خوێند.

ب- لە کاری تێنەپەڕدا : بکەر + کاری تێنەپەڕ، وەکو : ڕێکان ڕۆیشت.

ت- نیهاد + گوزارە ، تەواوکەر + کار ، وەکو : شاخەکە جوانە.

هەروەها دەتواندرێت لەکاتی فراوانکردنی ڕستەکە هەندێ لە دەرخەر و سەربارەکانی لەگەڵ بەکاربێت، بۆ نموونە :

أ- پشیلەکە ماستەکەی خوارد.

ب- پشیلەکە دوێنێ شەو لە ماڵەوە ماستی کابانەکەی خوارد.

کەواتە هەروەکو لە ڕستەکانی (أ ، ب) دیارە لە ڕستەی ( أ )دا تەنیا کەرستە سەرەکیەکانی (پشیلەکە) بکەر، (ماست) وەکو بەرکار و (خوارد)یش وەکو کار و سەرەی ڕستەکە دەرکەوتون، بەڵام لە ڕستەی دووەمدا کەرستە ناسەرەکیەکانی (دوێنێ،شەو) وەکو ئاوەڵکار و سەربار، (لەماڵەوە) وەکو بەرکاری ناڕاستەوخۆ و سەربار، هەروەها (کابانەکە) وەکو دەرخەرو سەرباری ڕستەکە دەرکەوتوون.(حوسێن، هەمزە، ٢٠٢٢، لا ٨١٩-٨١٨).

**٢- کەرستە لاوەکیەکان :**

ئەو کەرستانە دەگرێتەوە کە بۆ مەبەستی فراوانکردنی ڕستە بەکاردەهێندرێن، لەبەر ئەوە لە زۆر باردا لە رستەدا دەکرێ لاببرێن، بەبێ ئەوەی لابردنیان کار لە لایەنی ڕێزمانی و واتایی سەرەکی ڕستەکە بکات،
نموونە:

— کەوت.
— ئەو کەوت.
— ئەو لەماڵەوە کەوت.
— ئەو دوێنێ بەیانی لەماڵەوە کەوت.
— ئەو دوێنێ بەیانی لەگەڵ براکەی لەماڵەوە کەوت.
— ئەو دوێنێ بەیانی کاتژمێر نۆ لەگەڵ براکەی لەماڵەوە کەوت.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا جگە لە کەرستە سەرەکیەکانی *بکەر و کرداری تێنەپەڕ، واتە *ئەو، کەوت* سەرجەم کەرستەکانیتر لاوەکین و دەتواندرێ لاببرێن، چونکە تەنیا بەمەبەستی فراوانکردنی ڕستەکە بەکارهێنراون.
کەواتە کەرستە (ناسەرەکیەکان) سەربارەکان وەکو سەرەکیەکان لە ڕستەدا بەکاردێن بەمەبەستی فراوانکردنی دروستەی ڕستە، جگە لەمەش سەربار کەرستەیەکی ئارەزوومەندانەی ڕستەیە و دەکرێت لە ڕستەدا لاببرێت بەبێ ئەوەی کار لە لایەنی ڕێزمانی و واتایی دروستەی ڕستەکە بکات، هەروەها قسەکەر بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری زیاتر لە بۆتەی ڕستەدا پەنا بۆ بەکارهێنانی سەربارەکان دەبات، بۆیە دەتواندرێت بەمشێوەیەی خوارەوە لە دروستەی ڕستەدا بخرێنەڕوو :

**١- ئاوەڵکارەکان :**
دەتواندرێت بە سەربار دابندرێن،
نموونە :

— ئەمڕۆ هێمن لە کتێبخانە بوو.
دیارخەر تەواوکەر

بەڵام لە هەمووکاتێکدا ئاوەڵکارەکان نابنە سەربار،
بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەکو :

— ئەمڕۆ پشوە.
نیهاد گوزارە

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیە بکەین، دەبینین ڕستەکە لە (نیهاد ، گوزارە) پێکهاتووە، هیچ کەرستەیەکی سەربار بونی نیە.
(حوسێن، هەمزە، ٢٠٢٢، لا ٨٢٠).

**٢- دیارخەر :**

چەند کەرستەیەکن یارمەتی فراوان کردنی دروستەی ڕستە دەدەن وەکو کەرستەیەکی سەربار، دەرکەوتنیشیان تەنیا بۆ زیاتر زانیاری گیاندن و ڕونکردنەوەی واتای ڕستەیە، دیارخەرەکان بە شێوەیەکی چالاک لە دوای فرێزی ناوی بە یاریدەی ئامرازی خستنەسەری (ی ، ە) لەگەڵ فرێزەکە لە ڕستەدا لێکدەدرێن، هەروەها بەشە ئاخاوتنەکانی وەکو (ناو، جێناو، ئاوەڵناو، چاوگ ... ) ڕۆڵی دیارخەر دەبینن و زیاتر ڕۆڵی فراوانکردنی ڕستەکە دەبینن و زانیاری زیاتر دەربارەی ڕستەکە دەخەنەڕوو،
وەکو :

— خوشکی شارا لە خوێندنگەی سروشت دەخوێنێت.
دیارخەر                دیارخەر

— ئەوان تۆپە گەورەکەیان ونکرد.
دیارخەر

**٣- بەرکاری ناڕاستەوخۆ :**

هەر لە دوتوێی کەرستە ناسەرەکیەکان، ئاوەڵگوزارەکان بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەگرێتەوە ، ئەم کەرستانە بەسەربەستی شوێنی خۆیان لە دروستەی ڕستەدا دەگۆڕن، بەبێ ئەوەی کار لە ڕێزمانیەتی و واتای ڕستەکە بکەن.(عومەر، مەحمود کەریم، ٢٠٠٤، ل٣١٧).

وەک:

— منداڵەکە دەرمانەکەی لەماڵەوە بە کەوچک خوارد.

— زانا بە ئۆتۆمبێل دەڕوات.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا بەرکارە ناڕاستەوخۆکان دەبن بە سەربار، بەڵام لەم ڕستانەی خوارەوەدا، ئەندازیار بەرکاری ناڕاستەوخۆیە، بەڵام نابێت بە سەربار.(حوسێن، هەمزە، ٢٠٢٢، ل ٨٢١).

وەک :

— شەماڵ دەبێت بە ئەندازیار.

### ٣- ڕیزبوونی کەرستەکانی ڕستە :

زمانەوانان بە شێوەیەکی گشتی شێوازی جۆرەکانی ڕیزبوونی کەرستە پێکهێنەکانی دروستەی ڕستەیان بۆ دوو جۆری سەرەکی دیاری کردووە ئەوانیش :

### أ- ڕیزبوونی چەسپاو :

لەم جۆرە ڕیزبوونە دروستەی ڕستەدا ناتواندرێت کەرستەکانی ڕستە بەهیچ شێوەیەک لە شوێنی خۆیان بجولێندرێن و ئاڵوگۆڕیان پێبکرێت، بەڵکو سەرجەمی کەرستەکانی ڕستە جێکەوتەی چەسپاویان هەیە، بەجۆرێکیتر دەتوانرێ بوترێ کە (هەر جۆرە گۆڕانێک لە سنوری کەرستە یاخود فرێزەکانی ڕستەدا دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەرکی سێنتاکسی و شێوەی لێکدانەوەی واتای ڕستەکە).(الخولی، محمد علی، ١٩٩٣، لا ٦٧).
وەک :

— ڕێویەکە مریشکەکەی خوارد.

— ئەم تەلارە ئەندازیارەکە دروستی کردووە.

لەم ڕستانەی سەرەوەدا دیارە کە جیا لەوەی ئەرکی سێنتاکسی (ڕێوی و مریشک) واتە (بکەر و بەرکار) گۆڕاوە و بەپێی جێکەوتەی کاتیگۆریەکان ئەرکەکانیان ئاڵوگۆڕکراون، هەروەها دروستەی ڕستەی دووەم لەڕووی واتاوە نادروستە، کەواتە زمانی کوردی ڕێی ئەمجۆرە ڕیزبوونە نادات.

### ب- ڕیزبوونی ئازاد :

ئەم ڕیزبوونە پێچەوانەی ڕیزبوونی چەسپاوە، چونکە دەتواندرێت جێگۆڕکێ بە کەرستەکانی ڕستە بکرێت بەبێ ئەوەی کار لە واتا و ئەرکی ڕێزمانی ڕستەکان بکات، واتە هەر گۆڕان و ئاڵوگۆڕیەکی شوێنی کەرستەکان نابێتە هۆی گۆڕانی ئەرکی سێنتاکسی کەرستەکانی ڕستە.(محمد، علی الخولی، ١٩٩٣، ٦٧).
وەک : (حوسێن، هەمزە، ٢٠٢٢، لا ٨٢٢).

— ئەندازیارەکە ئەم تەلارەی دروستکردووە.

— ئەم تەلارە ئەندازیارەکە دروستی کردووە.

## بەشی دووەم - تەوەرەی یەکەم

# سەربار :

سەربارەکان ئەو کەرستانەن کە لەلایەن گوزارەی ڕستەوە داوا نەکراون، چونکە "هاتن و نەهاتنی لە ڕستەدا بە ئارەزووە" واتە لابردنیان لە ڕستەدا کار ناکاتە سەر واتاو لایەنی ڕێزمانی ڕستەکە، بەڵکو تەنیا ئەرکیان زیاتر ڕوونکردنەوەو دەرخستنی زیاترە لەبارەی کەرستەیەکی ڕستە،
وەک :

—وەرزی بەهار وەرزێکی خۆش و رەنگینی ساڵە.
سەربارە

لەم نموونەی سەرەوەدا (خۆش و رەنگین) سەربارەو زانیاری لەبارەی
(وەرزی بەهار) داوە لەگەڵ ئەوەشدا لابردنی لە ڕستەکەدا کار لە لایەنی ڕێزمانی و واتایی ڕستەکە ناکات.
هەروەها سەربارەکان دەتوانن جێگۆرکێ بە شوێنیان بکەن، لە ڕووی ژمارەوە دەشێت چەند سەربارێک بەسەریەکەوە دەربکەون تا ئەو کاتەی کە پێشێلی یاسای زمانەکەی نەکات.(عەبدولڕەحمان، ڤیان بەکر، ٢٠٠٧، لا ٣٢).

وەک :

— دیار سیمینارەکەی لە پۆلدا پێشکەشکرد.

— دیار لە پۆلدا سیمینارەکەی پێشکەشکرد.

— ئەمسال دلاوەر خانوێکی فراوان و خۆشی لە گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی شاری هەولێر کڕی.

لەباسکردنی سەربار‌دا سەرەتا ئێمە بە شێوەیەکی گشتی دیاردەکە دەخەینەڕوو، ئینجا باس لەو ڕۆنانانە دەکەی کە لە قالبی فرێزی بەنددا دەبن بە سەرباری ڕستە لە زمانی کوردیدا.

سەربار هەروەک لە ناوەکەیدا ئەمە دەخوێندرێتەوە کە ئەم کەرستەیە هاتن و نەهاتی لە ڕستەدا بە ئارەزوە، بۆیە (مەبەست لە سەرباری (ف ، ك) ئەو کەرستانەن کە لابردنیان هیچ کارێک ناکاتە سەر لایەنی واتا و ڕێزمانی ڕستە، بەڵکو ئەرکیان تەنیا دەرخستنی زانیاری زیاترە دەربارەی لایەنەکانی ڕووداو) کەواتە سەربار دەربارەی شێوازی ئەنجامدانی کارەکە لەلایەن بکەرەوە زانیاری زیاترمان پێدەدات لایەنی شێوەی جێ بەجێ کردنی کارەکە ڕۆشنتر دەکاتەوە.

سەرنج بۆ ئەم ڕستانەی خوارەوە ڕادەکێشین کە ئەو کەرستانەی هێلیان بەژێر داهاتوە ئەرکەکانیان بریتیە لە زیاتر پێدانی زیاتری دەربارەی (چۆن و کەی و لەکوێ) ئەم کارە ڕووی داوە :
وەک :

— منداڵەکە بە جوانی دەڕوات.
هاوەڵکاری چۆنیەتی
چۆنیەتی ڕوودانی کاری ڕستە دەردەخات(ڕۆیشتن)

— ڕۆمانەکەم ساڵی ڕابردوو تەواو کرد.
هاوەڵکاری کاتەکانی
ڕوودانی کاتی ڕستەکە نیشان دەدات

— قوتابییەکان لە پۆلەکە ئامادەبوون.
ئاوەڵکاری شوێن
شوێنی ڕوودانی کارەکە نیشان دەدات

— من بەپەلە چووم بۆ زانکۆ.
ئاوەڵکاری چۆنیەتی
چۆنیەتی ڕوودانی کاری ڕستە دیاری دەکات

بەم پێیە کەرستەکانی (بەجوانی، ساڵی ڕابردوو، لەپۆلەکە) دەبن بە سەربار لە ڕستەکانی سەرەوەدا چونکە لابردنیان کاریگەری لەسەر لایەنی ڕێزمان و واتای ڕستەکان نابێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتەکە با سەرنجی ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە بدەین،(عەبدولرەحمان، عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٧، لا ٥٨-٥٩)

— أ- ئۆتۆمبێلەکە لە ناکاو وەستا.

— ب- نوسەرەکە ساڵی ڕابردوو ڕۆمانەکەی تەواو کرد.

(بۆدەست نیشان کردنی ئەو کەرستانەی دەبن بە سەربار لە هەردوو ڕستەی (أ ، ب)دا، دەبێ بەم شێوەیەی خوارەوە پرسیار بکەین)

— ئۆتۆمبێلەکە چۆن وەستا ؟ — — — — — — — لەناکاو

— نوسەرەکە کەی ڕۆمانەکەی تەواو کرد ؟ — — — — — ساڵی ڕابردوو

کەواتە هەردوو وەڵامی (لەناکاو ، ساڵی ڕابردوو) دەبن
بە سەرباری ڕستەکانی (أ ، ب).

سەربار کەرستەیەکی ئارەزوومەندانەی ڕستەیەو دەکرێت لاببرێت، بە لابردنی واتای ڕستەکە تێکناچێت و نابێتە ڕستەیەکی ناڕێزمانیی، ئاوەڵکارەکان بە سەربار دادەنرێن، زمانەوان و توێژەرانی کورد دوو زاراوەیان بەکارهێناوە :

ئاوەڵکار:
زاراوەیەکە لەبواری مۆرفۆلۆجیدا بۆ بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵکار بەکاردێت، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاوەڵکاری بنجی لە زمانی کوردیدا کەم و سنوردارە، بۆیە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە پەنا دەبرێتە بەر هەندێک لە بەشە ئاخاوتنەکانی دیکە و لەشێوەی فرێزی بەنددا ئەرکی ئاوەڵکار دەبینن، بۆ ئەم جۆرە فرێزە بەندە زاراوەی (ئاوەڵگوزارە) بەکارهاتووە.

ئاوەڵگوزارە بەپێی ڕۆڵی بابەتیانە ئەم لایەنانەی خوارەوەی کار ڕووندەکاتەوە.

١- شوێن : بریتیە لە شوێنی ڕوودانی کار، کە وەک وەرگر یان دوا خاڵی ڕێڕەو کاردەکات.
وەک:

— ئەنفالکراوەکان لە بیاباندا گوللەباران کران.
ئاوەڵکاری شوێن
شوێنی ڕوودانی کارەکە دەردەخات.

٢- سەرچاوە : سەرچاوە ئەو کەرستەیە کە شوێنی دەست پێکردنی کار نیشان دەدات.
وەک :

— ئەو قوتابیانە لە هەولێرەوە هاتوون.
ئاوەڵکاری شوێن
سەرچاوەی ڕوودانی کارەکە دەردەخات(هەولێر).

٣- ڕێڕەو : ڕێڕەو ئارگومێنتێکە کە لە سەرچاوەوە ئاراستەکە وەردەگرێت و بەرەو ئامانج دەڕوات.
وەک:

— دەمەوێ لە سلێمانیەوە بچم بۆ بەغدا.
ئاوەڵکاری شوێن
ڕێڕەوی ڕوودانی کارەکەیە.

٤- ژمارەیان لە ڕستەدا سنوردار نیە،(بەڵكو هاتنی سەربار بەمەبەستی سیمانتیك و شێوازەوە پابەندە).
وەك :

— من تۆ بە پیاو دەزانم. (تەواوكەر)

— دوێنێ شەو دایكەكە بەپەلە منداڵەكەی لە بێشكەدا نواند. (سەربار)

٥- لەبەر ئەوەی سەربارەكان پەیوەست نین بە كارەوە بۆیە دەنینی شوێنی جێگیریان لە ڕستەدا نیە (سەربار لە ڕووی شوێنەوە (Mobile)ەوە دەتواندرێ شوێن گۆڕكێی پێ بكرێت)
وەك:

— من دوێنێ ئەوم دیت.

— دوێنێ من ئەوم دیت.

— من ئەوم دوێنێ دیت.

بەڵام تەواوكەر شوێنی لە ڕستەدا جێگیرە، چونكە پەیوەستە بە كارەوە هەمیشە لە پێش كار و لەدوای بكەوە دێت. (حەسەن، شوان حەیدەر، ٢٠١٥، لا ٣٠-٣١).

وەك:

— من وانەكەم خوێند.

* من خوێند وانەكە

# تەوەرەی دووەم

## تایبەتیەکانی سەربار :

سەربار وەکو هەر کەرستەیەکی تری زمان چەند سیمایەکی هەیە، لە خوارەوە دەیانخەینە ڕوو.

١- زانیاری زیاتر پێشکەش دەکات لەبارەی ڕوودانی کارەکە و هاتن و نەهاتنی لە ڕستەدا بە ئارەزوویە.
وەک :
— سەردار بەپەلە هات.
— سەردار هات.

٢- زیاتر لە سەربارێک دەتوانێت بەشداری لە ڕستەدا بکات.


— ساڵی ڕابردوو بەپەلە ئەم ڕۆمانەم خوێندەوە.
— جەنگاوەرەکان بەپەلە و بێ دواکەوتن لە شوێنی مەبەست ئامادەبوون.

٣- سەربار لە ڕستەدا (Mobile)ە ، شوێن گۆڕگێی پێ دەکرێت.

— چیشتەکەیان بە چاوچنۆکی دەخوارد.
— بە چاوچنۆکی چێشتەکەیان دەخوارد.

ئەمەی سەرەوە بریتیبوو لە باسکردنێکی گشتی سەربار لە ڕستەدا، بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە بابەتەکەی ئێمەوە هەیە بریتیە لەو ڕۆنانەی کە لە قالبی فرێزی بەندا دەبن بە سەرباری ڕستە، بۆ ئەمەش دەکرێت تەواوکەرەکانی فرێزی بەند بکەین بە پێوەر بۆ دەست نیشان کردنی سەربار. بەواتای ئەوەی هەر کاتێک تەواوکەری فرێزی بەند بریتیبوو لە ئاوەڵکاری (شوێن، کات، چۆنیەتی) ئەوا فرێزە بەندەکە دەبێت بە سەربار، چونکە فرێزی فرێزی بەند بە پێی تەواوکەرەکەی یان دەبێت بە سەربار یان تەواوکاری گوزارەیی.
(عەبدولرەحمان، عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٩، لا ٦٠-٥٩).

سەرنجی ئەم هێلکاریە بدە :



أ- ئاوەڵکاری شوێن :
زانیاری زیاتر دەبەخشێتە گوێگر دەربارەی ڕوودانی کاری ڕستەکە هەروەها (شوێنی ڕوودانی کارێک یان ڕووی بزوتنەوەی شتێک نیشان دەدات و وەڵامی پرسیاری لە کوێ، لە کوێندەرێ، بۆ کوێ، لە کوێوە دەداتەوە، وەک : سەر، ژێر، خوار، بن، کن، پاش، لەناو، لە ڕاستەوە، لەژێرەوە، بۆ لای سەرەوە، تا ئێرە، لەوێ، تەنیشت).

— فەرمان لە دارستانەکە گەڕایەوە.

— فەرمان بەناو باخەکەدا دەڕوات.

— فەرمان لەلای ڕاست دانیشتبوو.

لەم ڕستانەی سەرەوە ڕۆنانەکانی (لە دارستانەکە، بەناو باخەکەدا، لەلای ڕاست) دەبن بە سەرباری ڕستەکان چونکە بە کرتاندنیان کاریگەری ڕێزمانی و واتایی دروست نابێت. (کاریگەری واتایی دروست دەکات بەوەی کە سەربار هەبێ زانیاری واتایی زیاتر دەردەخا، بەڵام بەلابردنی واتای ڕستەکە تێکناچێ و ڕستەکە لەڕووی واتاوە ناشێوێ.
وەک :

— فەرمان گەڕایەوە.

— فەرمان دەڕوات.

— فەرمان دانیشتبوو.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ئەو فرێزە بەندەی تەواوکارەکەی بریتی بێت لە ئاوەڵکارەکانی (شوێن، کات، چۆنیەتی) ئەوا دەبێت بە سەربار.
ئەمە جگە لەو بارانە دانەبێت کە ڕستەکە وەڵامی پرسیارێک بێت لەبارەی ئەوانەوە کرابێت، ئەو کاتە لەڕیزی سەربارەکاندا پۆل ناکرێن، بەڵکو بونیان لە ڕستەدا پێویست و بە خورتەکی یە. (عەبدولرەحمان، عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٩، لا ٦٤-٦٠).

— سۆران لە کوێ گەڕایەوە ؟ ______ سۆران لە هەولێر گەڕایەوە.

— کەی خۆم ئامادە بکەم ؟ ______ لە بەیانیەوە خۆت ئامادە بکە.

— وانەکانت چۆن خوێند ؟ ______ وانەکانم بە باشی خوێند.

## تەوەرەی سێیەم

## ٢- ڕیزبوونی سەربارەکان :

یەکێک لە سیفات و تایبەتمەندیەکانی سەربار ئەوەیە کە (زیاتر لە سەربارێک دەتوانێت لە ڕستەدا بەشداری بکات) ئەمەش لەپێناو زیاتر ڕوونکردنەوەی ڕستەکەیە،
وەک :

— لە نیوەڕۆوە بە دڵتەنگی دانیشتبووم.

کاتێک سەربارەکان لە ڕووی واتاوە دژی یەک بوەستن، ئیتر بواری ئەوە نابێت لە یەک ڕستەدا کۆبکرێنەوە و بچنە بواری کارکردنەوە،
وەک:


— منداڵەکە بەپەلە و بەهێواشی ڕۆیشت.

ئەم ڕیزبوونەی سەرەوە کاتێک ڕێی پێ دەدرێت، ئەگەر بکەری ڕستەکە لە ڕووی ژمارەوە کۆ بێت،
وەک:

— منداڵەکان بەپەلە و بەهێواشی ڕۆیشتن.

(منداڵەکان) لەڕووی ژمارەوە کۆیە، بۆیە ڕستەکە لەڕووی واتاوە لێڵە لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، چونکە لە ڕۆنانی ژێرەوە لە دوو ڕستە پێکهاتووە. (ئەم جۆرە تەم مژیە لەمانای ڕۆنانەکەدا لە ئەنجامی ئەوەوە دێ کە ڕۆنانەکە لە بنچینەدا لەدوو ڕۆنانی جیاوازەوە گوازراوەتەوە). (عەبدولرەحمان، عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٩، لا ٦٤-٦٥).

وەک :



هەندێ جار ڕیزبوونی سەربارەکان لە ڕستەدا هەرچۆنێک بێت کاریگەری لەسەر ڕستەکە دروست ناکات،
چونکە (سەربارەکان لە جوڵانەوەیان سەربەستن) بەوتای ئەوەی ئەو کەرستە زمانیە بواری شوێن گۆڕکێ دەدات لە ڕستەدا.

وەک :

— قوتابیەکان بەبێ دەنگی و بەهێمنی چونە پۆلەکانیانەوە.

— قوتابیەکان بەهێمنی و بەبێ دەنگی چونە پۆلەکانیانەوە.

جاری واش دەبێ سەربارەکان لە ڕیزبووندا جۆرێک لە یاسا پەیڕەو دەکەن بەتایبەتی ئەگەر (یەکێک گشتی بوو، ئەوانیتر بەشێک بوو لەو، ئەوا ڕیزبونیان لە گشتیەوە بۆ تایبەتی، یا لە گەورەوە بۆ بچووکە).
وەک :

— میوانەکان لە سلێمانی لە میوانخانەی ئاشتی مانەوە.
گشتی تایبەتی

— کتێبەکەم لەماڵەوە لە ژووری کتێبخانە داناوە.

— کوڕەکە لە کۆلێژی زمان لە بەشی زمانی کوردی بەڕێوە دەچێت.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا قسەکەر بۆی هەیە خۆی بڕیار لەسەر ڕیزکردنی ئەم کەرستە زمانییە بدات، ئەویش بەپێی گرنگی ئەو زانیاریانەی کە کەرستە دەیگەیەنێ لای خۆی یان گوێگر واتە کامەیان لای قسەکەر یان گوێگر گرنگ بێت ئەوا هەوڵی بە لوتکە کردنی دەدات بۆ نموونە ئەگەر قسەکەر زیاتر مەبەستی زەق کردنەوەی میوانخانەی ئاشتی بێت لەم ڕستەیەی سەرەوەدا ئەوا دەربڕین بەم شێوەیە دەبێت.
وەک:

— میوانەکان لە میوانخانەی ئاشتی لە سلێمانی مانەوە.
تایبەتی گشتی

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین سەربار لەڕستەی زمانی کوردیدا شوێنی جێگیری نییەو تا ڕادەیەک لە جوڵانەوەدا سەربەستە. (عەبدولرەحمان، عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٩، لا ٦٥).

*لەجۆرەکانی سەربار (گشتی و تایبەتی) لەناو ڕستە دەکرێت پاش و پێشی پێ بکرێت یانی لەم ڕستەیە (لە میوانخانە) هەر تایبەتیە جا لەهەر شوێنێکی ڕستەکەبێت.

— من بەیانی هاتم بۆ کۆلێژ.

— بەیانی من هاتم بۆ کۆلێژ.

# ئەنجام :

١- ژمارەیەکی بێ سنور لە سەربارەکان،ڕستە ڕستە سادەکان  فراوان دەکەن.

٢- لەڕیزبوونی سەربارەکاندا ، لە گشتی بەرەو تایبەتی ڕیزدەبن، یاخود لە گەورەوە بۆ بچووک.

٣- سەربارەکان شێوەی ڕیز بەندیان مەرج نیە چەسپاو بێ لە ناو ڕستەدا لە(ڕەنگ ، ژمارە ،  ناو،جێناو، هاوەڵناو،هاوڵکار...هتد)

٤- سەربارەکان بەمەبەستی ڕونکرنەوەی زیاتری گرێیە ناویەکان و گرێیە کاریەکان بەکاردێت،بۆیە زیادکردنی هەر سەربارێک زیادەیەکی واتایی و ڕونکردنەوەیەکە بۆ ڕستە.

# لیستی سەرچاوەکان :

١- ئەمین، یوسف نوری محمد، ٢٠١٥، ڕستەی لێکدراو لەزمانی کوردیدا بەپێی یاساکانی گوێزانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

٢- الخولی، محمد علی، ١٩٩٣، مدخل الی علم اللغة النضري، دار الفلاح، الاردن.

٣- حەسەن، شوان حەیدەر، ٢٠٠٩، ڕۆنانی فرێزی ئاوەڵکاری لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٤- حوسێن، هەمزە، ٢٠٢٢، ڕۆلی سەربار لە دروستەی ڕستەی زمانی کوردی و فارسیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، https://www.researchgate.net/publication/364153858_y_srbar_l_drwsty_sty_zmany_kwrdy_w_farsyda.

٥- خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا، ٢٠١٤، ڕستەسازی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپی دووەم، هەولێر.

٦- دزەیی، عەبدولواحید موشیر، ٢٠١٤، ڕێزمانی کوردی؛ وشەسازی و ڕستەسازی، چاپی یەکەم، هەولێر.

٧- ڕەسوڵ، عەبدوڵلا حوسێن، ٢٠٠٥، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر.

٨- عەبدولرەحمان، ڤیان بەکر، ٢٠٠٧، پاڕستە لە کوردی ناوەڕاستدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٩- فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵلا، ٢٠١٣، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، بڵاو کراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

١٠- کەریم، عومەر مەحمود، ٢٠٠٤، کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردەی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا.

١١- میراودەلی، کەمال، جۆرەکانی ڕستە، ٢٠١٧، ماڵپەڕی ڕێزمانی کوردی، https://rezmanikurde.blogspot.com/2017/06/blog-post_9.html?m=1.